# فوئاد سديق لەوەڵامی پرسیارێکی " دەنگەکان " دا

فوئاد سديق له وەڵامی ئەم پرسیارەدا :

**دەنگەکان : دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد له رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟**

با لەوە بکۆڵینەوە لەبەرچی هزری چەپڕەوی نەیتوانی بنەمایەکی ئەوتۆ بێنێتە ئاراوە، کە بۆ ئەمڕۆش و بۆ ئایندەش رۆشنبیرانی کورد، خوێنەرانی کورد، سیاسەتمەدارانی کورد، بەرەو ئاقارێکی مرۆڤدۆستانەو پێشکەوتنخوازانە ببات، بۆچی بیرۆکەی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە زیاتر رەگی چۆتە خوارەوەو....هتد.

بیری مارکسی لە کاتێکدا گەیشتە کوردستان، ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین لەسەرەتای چلەکان بووە، راستە دواتر بەشێوەیەکی ئێکجار زۆر بڵاوبووەوەو تەنانەت لەشێوەی چەندین رێکخستنی حزبی سیاسی لاف و گەزافی مارکسیەتیان لێدەداو تەنانەت لەشەستەکان و هەتا هەشتاکانیش مارکسیەت بووە مۆدیلێك و ئەوەی خۆی بە دۆستی مارکسیەت و یا بیری چەپڕەوی نەبوایە، بە کەسێکی دواکەوتوو، تێنەگەیشتوو، دادەنرا.. بەڵام لەبەر ئەوەی مارکسیەت لەرێگای سیاسەتەوە هاتە کوردستان، نەك لەرێگای فەلسەفەکەی، بۆیە بینیمان لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت، ئەو سیاسەتە چەپڕەوییەش لە کوردستان هەرەسی هێناو پایدۆزی لێکرد، بێ ئەوەی ئەمڕۆ ئاسەوارێکی کاریگەری بۆ سەر خەڵك بەگشتی بەجێهێشتبێ، ئاخر سەیرە (60 ـ 70) ساڵ لەوڵاتێکی بچووکی وەکو کوردستان و عێراقدا، مارکسیەت چووبووبێتە ناو هەموو ماڵێکەوە، چووبووبێتە ناو هزری زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەوە، تەنانەت وای لەحزبە نەتەوەییەکانیش کردبێ نەتوانن بڵێن ئەم مارکسیەتە پووچ و بێ مانایە، بەڵکو وتبێتیان سوود لە کەلەپوورەکەی لە هزرەکەی .. هتد وەردەگرین، کەچی ئەمڕۆ ئەوانە لێرەو لەوێ نەك هەر لە کوردستان و عێراق، بگرە لەرۆژهەڵاتدا بە مارکسی ماونەتەوە، بە خەڵکانی کلاسیك و تەنانەت رەنگە بە ئێکسپایەریشی ناوببەن.

گەورەترین تەنگژەی بە بڕوای من لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە لەوڵاتانی دواکەوتووی وەکو جیهانی سێیەمی جاران (سەیرم پێدێ ئێستاش ئەم زاراوەیە بۆ ئەمڕۆش هەر بەکار دەهێنرێ، لە کاتێکدا جیهانی سێیەم بۆ ئەمڕۆ هیچ ئیعتیبارێکی نەماوە)، واتە لەزۆربەی وڵاتە دواکەوتووەکان مارکسیەت بەو چەمکە کە بڵاوبووەوە گەیشتە ناو خەڵکی، لەکاتێکدا خودی مارکس پێشبینی ئەوەی دەکرد کە شۆڕشی سۆسیالیستی لە وڵاتانی وەکو ئەمەریکا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، سەرهەڵدەدات و لەوێوە بۆ هەموو دونیا تیشکدەهاوێ، بۆیەش ناوی ئەو چوار وڵاتەی بردووە، چونکە ئەوکات ئەم چوار وڵاتە پێشکەوتووترین وڵاتی پیشەسازی بوونە، هێشتا یابان هێندە نەهاتبووە پێش، دەنا دڵنیام مارکس یابانیشی لەگەڵ ئەم چوار وڵاتە باس دەکرد. بەڵام کاتێك بە پێچەوانەی بیرو فەلسەفەی مارکس، بیری مارکسیەت بە سەقەتی گوازرایەوە بۆ وڵاتانی دواکەوتوو، پێموایە گەورەترین گورز بە مارکسیەت کەوت و لەوێوە تەنگژەی قووڵی مارکسیەت دەستی پێکرد تا دواجار لە ئەرزی داو رووخاندی.

ئاخر چی لەوە سەیرترە خەڵکێك خۆی بەشیوعی و مارکسی بزانێ، بەڵام پێنج فەرزە نوێژ بکات و لە رەمەزان و شەشەڵان و .. هتدیش بەرۆژوبێت، ئاخر چی لەوە سەیرترە حزبێك خۆی بەخاوەن و میراتگری یەکەم و راستەقینەی مارکسیەت و لینینیەت دابنێ، کەچی شتێکی جەوهەری لە فەلسەفەی مارکسیەت نەزانێ، ئا

**فوئاد سديق لەوەڵامی پرسیارێکی " دەنگەکان " دا**

**لێرەدایە تەنگژەی مارکسیەت، ئەمەش گوناهی مارکسیەت نییە، ئەوە گوناهی ئەو کەسانەو ئەو سەرکردانەیە کە وایاندەزانی ئەگەر حزبێکی مارکسی دروستبکەن، ئەوە خزمەت بە مارکسیەت دەکات، ئەوە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا فەرمانڕەوا دەبێت، ئەوا چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بنەبڕ دەکرێت.. هتد.**

**بەرای من لەجیاتی ئەوەی حزب و رێکخراوی سیاسی بەناوی شیوعیەت و مارکسیەت و لینینیەت دروستبکرایە، پێویست بوو بەتایبەتی لە کوردستاندا هەوڵبدرابا هەموو نووسینە پڕ گەوهەرەکانی مارکس، ئەنجلس، پلیخانۆف، لینین، ترۆتسکی، کاوتسکی، بوخارین.. هتد لەزمانی ئەڵمانییەوە بکرابوونایە بە کوردی، ئاخر ئەمە چۆن تەنگژە نییە، (60) ساڵە هەزاران ئەندامت لە حزبێکی مارکسی، رێکخراوێکی سیاسی لینینی هەبێ، کەچی نەتوانی ئەم بیرۆکە سیاسی و فەلسەفیانە بەئەندامانت بگەیەنی، تۆ بڵێی هێندە سەخت و ئەستەم بێ ئەگەر (100) کتێبی جۆراوجۆری مارکسی بکرابوونایە بە کوردی، باشە ئەی ئەم حزبە سیاسیانە بۆچی تێدەکۆشان، بۆ نەیانکرد؟.**

**هەرچەندە لەگەڵ هەموو گەردەلوول و رەشەباو باو تۆفانەی کە لە مارکس ئالاَن، بەتایبەت لەم (15) ساڵەی رابردوودا، بەڵام مارکس جارێکی دیکە وەك فەیلەسوفێکی کۆمەڵناسی، زانایەکی ئابووری، .. هتد دەمێنێتەوە، بەڵام بەقەناعەتەوە دەڵێم کورد زۆر کەم هەیە ئەگەر لە مارکسیەت گەیشتبێ، بۆیە ئێستاش کوردستان پێویستی بە کۆمەڵەی روناکبیری مارکسی هەیە، کە نووسینەکانی ئەو کەڵەمرۆڤانە، رەخنەو لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئەم کەڵەمرۆڤانە بەزمانێکی رەوان وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، تا نەوەی نوێ بەدەردی ئەو نەوانەی پێشوو نەچێت کە هیچ لە مارکسیەت نەگەیشتوون.**

**بۆیە دەڵێم هەر لەبنەچەوە بیری چەپڕەوی رێژەوی راستەقینەو راست و دروستی خۆی نەگرتبوو، بەسەقەتی هاتە ناو کوردستان و خەڵکیش بە سۆزو عاتیفەوە بەپیرییەوە چوون. هەر بۆیەش ئەمڕۆ بیری چەپڕەوی لە کوردستان هیچ رۆڵێکی نەماوەو ئەوە لە خۆ نوێکردنەوەی حزب و رێکخراوەکانی مارکسەیەتیش هەر مەپرسە کە وەك (اصحاب الكهف)یان لێهاتووە.**

**لەگەڵ رێزم بۆ فەیلەسوفی گەورەی سەدەی بیستەم کارل مارکس.**